فڕۆکەی جەنگیی تورکیا بەردوومانی دۆڵی ژاژێڵان و چیای کوریسی لەگوندی گەڵاڵەی سنووری ماوەت دەکات

ئەندامێکی رێکخراوی سی پی تی ئەمریکی رایگەیاند، فڕۆکەی جەنگیی تورکیا بەردوومانی دۆڵی ژاژێڵان و چیای کوریسی لەگوندی گەڵاڵەی سنووری ماوەت کردووە، تاوەکو ئێستا زیانەکان نەزانراون چونکە لەناوچەکە بەفرێکی زۆر باریوە.

کامەران عوسمان، ئەندامی رێکخراوی سی پی تی ئەمریکی رایگەیاند، لە کاتژمێر 10:47ـی ئەمڕۆ پێنجشەممە، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بە چڕی ناوچەکانی دۆڵی ژاژێلان، کوێرەکانی و کێوی کوڕیسی لە دەوروبەری گوندی گەڵاڵەی سەر بە شارۆچکەی ماوەت کردووە.

کامەران عوسمان ئاماژەی بەوەشکردووە، بەهۆی بەفربارین و سەختی رێگەکە، تاوەکو ئێستا گوندنشینان نەیانتوانیوە بچنە شوێنی رووداوەکە و دڵنیاببنەوە لە سەلامەتی گیانی دانیشتووانی ناوچەکە.